# تیۆری ململانێی هاوچەرخ

ن/ د. تاهیر حەسۆ
و/ پەسار فایق

ململانێ لەگەڵ ئەوەی بەردەوام بابەتێکی تەوەری بووە لە بابەتەکانی تیۆری و شیکردنەوە لە زانستی کۆمەڵناسیدا، بەڵام بەدرێژایی بیست ساڵ لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانی، تیۆری ململانێ بەوجۆرە نوسینانە لەزانستی کۆمەڵناسی دەوترا کە مەبەست لێی دەستبەسەراگرتنی تیۆری بنیادنەری فەرمانگەرایی بوو. ئەوانەش بۆ داڕشتنەوەی بیروبۆچوونەکانیان، پشتیان بە نوسینەکانی ماکس ڤیبەر بەتایبەتی و نووسینەکانی کارل مارکس بەرێژەیەکی کەمتر دەبەست، بەشێوەیەکی جیاواز دووپاتیان لەسەر ململانێی ئابووری لە لای مارکس و ململانێی هێز لە لای ڤیبەر دەکردەوە. زانایانی تیۆری ململانێ جەخت دەکەنە سەر گرنگیی بەرژەوەندی بەپێوەرو بەها، چۆن هەوڵدان بەرەو چەسپاندنی بەرژەوەندی دەبات و دەبێتە هۆی ململانێی جۆراوجۆر کە لایەنی هاوتەبا لە روخساری ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ نەک رووداوی بێ وێنە، یان بووبێتە هۆی تێکچوونی فەرمانی.

دەکرێ دوو بۆچوونی سەرەکی گرنگ لە تیۆری ململانێی هاوچەرخ دیاری بکەین، بۆچوونی یەکەم بەو جۆرە کۆمەڵگا شیدەکاتەوە کە رێکخستنی پێوەرییەو دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ململانێ، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە (دارندۆراف) و (رایت میلز)ن تیۆریی

(١٩١٠- ١٩٦٢). بۆچوونەکەی دیکە، رایەکەی سروشتییە بۆ لێکدانەوەی ململانێ و گرنگیی بەهۆکاری ناو کۆمەڵایەتی و نیشتەجێ و شاراوە لەپشت تەقانەوەی ململانێ دەدات.

لایەنگرانی تیۆری ململانێ (کوزەر و ریزمان)ن، جیاوازی لەنێوان ئەمانە پەیوەستە بە جۆری ئەو هۆکارانەی، کە هەریەک لەوانە جەختیان لەسەر کردووە ئەوەش بەپێی ئەو هۆکارە سەرەکییانەی لە تێگەیشتنی ململانێی کۆمەڵایەتی هەیە.

خاوەنی تیۆری ململانێ بانگەشەی ئەوە ناکەن کە ئەوان تیۆرێکی گشتی بۆ کۆمەڵگا پێشنیار دەکەن، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە (قەهر) سەرچاوەی سیستەمی کۆمەڵایەتییە نەک یەکدەنگی - بەشداربوونی سەرەکیش لە تیۆری ململانێ کە زۆرترین و کاریگەرترینیان لەماوەی شەستەکاندا بووە، وەک لێکۆڵینەوەی (دایفید لوکوود، بەریتانی ١٩٣٢) سەبارەت بە (تەواوکەری کۆمەڵایەتی و تەواوکەری نەسەق) لە ساڵی ١٩٦٤، تێیدا (لوکوود) بەرەو ئەوەمان دەبات کە ئێمە دەتوانین جیاوازی لەنێوان تەواوکاری نەسەق و پەیوەندی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی نەسەقی کۆمەڵایەتی ئابووری و نەسەقی سیاسی لە لایەک و لەنێوان جۆرەها تەواوکاری کۆمەڵایەتی بکەین کە پێوەری بەهاکان پیشان دەدات، لە لایەکی دی. لەگەڵ ئەوەی تیۆری بونیادی فەرمانگەرایی بەرەو کۆکردنەوە لەنێوان تەواوکاری نەسەقی و تەواوکاری کۆمەڵایەتی دەچێت، بەڵام یەکەم پلە بەتەواوکاری کۆمەڵایەتی دەدات، ئەگەر باری تەواوکاری کۆمەڵایەتی بەردەوام بوو، ئەوا لەم بارەیەوە بەرەو گرێمانیبوونی تەواوکاری نەسەقیمان دەبات. (لوکوود) پێی وایە دەکرێ بوونی تەواوکاری کۆمەڵایەتی هەبێت بێ ئەوەی تەواوکاری نەسەقی لەگەڵ بێت، واتە بوونی ململانێ لە نەسەق. لەگەڵ سەختی باری ئابووری کە بەدەستییەوە دەناڵێنن، باوەڕی خەڵک بەپێوەری کۆمەڵگا زیاتر دەبێت.

لێرە راوبۆچوونی دیارترین نوێنەرانی تیۆری ململانێ لە زانستی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ دەخەینەڕوو، لەوانە بیرۆکەکانی لویس کوزەر و رالف دارندۆراف.

- لویس کوزەر و ئەرکەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی :

کوزەر لە ساڵی ١٩١٣ لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، پلەی دکتۆرای لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە ساڵی ١٩٥٤ بەدەستهێناوە، لە حەفتاکان مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی بووە لە زانکۆی نیۆیۆرک، کوزەر یەکێکە لە قوتابیانی رۆبرت میرتۆن. گرنگی بە تیۆری سۆسیۆلۆجی و زانستی کۆمەڵایەتی مەعریفەداوە. گرنگترین بەرهەمەکانی (ئەرکەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی) ١٩٥٦، (بەردەوامییەتی لە لێکۆڵینەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی) ١٩٦٧ و (پێشەنگی فیکری کۆمەڵایەتی زانستی) ١٩٧١.

**کوزەر دان بەوە دادەنێت کە ناکرێ هیچ تیۆرێکی دانراو هەبێت لە ململانێی کۆمەڵایەتی کە بتوانێ ئەو هەموو دیاردەییە لە خۆ بگرێت**

لویس کوزەر لە کتێبەکەیدا (ئەرکەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی) هەوڵیداوە شیکردنەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی و تیۆری بونیادی فەرمانگەرایی ئاوێتە بکات، کوزەر وەک

> **دەسەلات خۆی هێزێکی شەرعییە، واتا هێزێکی دامەزراوە لەسەر بڕیاردەرکردنی گشتی**

پرۆسەیەک سەیری ململانێی کۆمەڵایەتی دەکات و وەسفی بەڕێوەبردنی گرژی دەکات، یان ئەوەتا دووبارە نوێنەرایەتی بەشێک لە پرۆسەی تەواوکاریی دەکات بۆ بەدەنگەوە چوون بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

کوزەر دان بەوە دادەنێت کە ناکرێ هیچ تیۆرێکی دانراو هەبێت لە ململانێی کۆمەڵایەتی کە بتوانێ ئەو هەموو دیاردەییە لەخۆبگرێت، هەروەها پەیوەست نییە بەدروستکردنی ئەم جۆرە لە تیۆری گشتی، بەڵکو ئەو پێی وایە کە کاری (هەوڵی فیکرییە بۆ روونکردنەوەی چەمکی ململانێی کۆمەڵایەتی و هەوڵێکە بۆ یەکگرتنەوەی ئەو لاربوونەوەیە وێنەییە کە پەیوەندییێکی زۆر بەهێز بەئەنجامەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی دادەنێت).

لە لای کوزەر میتۆد لە دەرهێنانی کۆمەڵێک مەسەلەی سەرەکی لە تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی پێکدێت، بەتایبەتیش مەسەلەی جۆرج زیمل، پاشان فراوانکردنی سنووری ئەو مەسەلەیە بە بەستنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکە کە سیفەتێکی (ئەمبریقی) یان هەیە و تیۆرین، هەروەک لە شیکردنەوەی دەروونی وەرگیراوە کە بۆتەهۆی ئەوەی لەکۆتاییدا داهێنانی تیۆرێکی نوێ لە ململانێی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ژینگەی نوێی ئەودا بگونجێ و بەدرێژکراوە و پراکتیککردنی بۆچوونی پێشەوایانی میتۆدەکە لە لێکۆڵینەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی دادەنترێت.

کوزەر ململانێی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکات کە کردەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ تێگەیشتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خەباتێکە دەربارەی بەهاو پێگە دەگمەنەکان و سەرچاوەی هێزە لە کۆمەڵگا ، هەروەها لە هەوڵی هەموو لایەنەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوورخستنەوەی منافسەکانیان یان زیان پێگەیاندن پێیان، یان رزگاربوون لێیان. ئەم پێناسەیە کاریگەری (زیمل)ی بەسەرەوە دیارە، کە ململانێ بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە پرۆسەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی دادەنێت و بە پرۆسەی دیکەی لەشێوەی منافسە دەبەستێتەوە.

مەبەستی سەرەکی کوزەر دارشتنەوەیەکی وێنەیی ئاشکراییە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە ململانێی کۆمەڵایەتی، هەروەها جەخت لەسەر ئەرکەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لەجیاتی نائومێدی فەرمانگەری ململانێ.

ئەرکەکانی پۆزەتیڤی ململانێ دەبێتە هۆی ململانێ بۆ پشتگیری بنیادنانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵەو کۆمەڵگاکان و ئەنجامدانی هاوسەنگی و گونجان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەجیاتی هەڵوەشانی یان چارەسەرکردنی، وەک ئاشکرایە کە ململانێ لەناو کۆمەڵدا conflilct Within Group بکات، کاتێک لە ئەنجامی هەستی دژایەتی لەنێوان ئەندامەکانی (خێڵ و هۆز) تووشی هەرەشەکردن دەبێتەوە، رەنگە یەکگرتن بەرجەستە بێت.

هەموو نموونەیەکی ململانێ قازانجی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی نییە، بەمەش مەرج نییە ئەرکەکانی ململانێ پەیوەست بێ بەبونیادی کۆمەڵەو لەسەر سروشتی ئەم بونیادە بوەستێت، کە ململانێ لەناوییەوە

بەدەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەدا ململانێ لەڕووی شێوازەکانییەوە، هەروەها بونیاد لەڕووی نموونەکانییەوە نوێنەرایەتی گۆڕانکاریە سەربەخۆکان ناکات.

کوزەر دوو جۆرە شێوازی کۆمەڵگای دەستنیشان کردووە:

- **شێوازی یەکەم**: شێوازی کۆمەڵگای کراوەو بونیادە کۆمەڵایەتییە کراوەکەی کە نەرمونیانی پێوە دیارە، بۆیە ململانێ لەڕووی مەسەلەی واقیعییەوە دروستدەکات کە دەبێتە هۆی نەرمونیانیەکی گەورەو تەواو و زۆر.

- **شێوازی دووەم**: شێوازی کۆمەڵگای داخراوە و بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی وشک و داخراوە. کە ململانێ لە دەوری مەسەلەی بێ کەڵکی و ناڕاستی وەهمی دەسووڕێتەوەو دەبێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژی و دیاردەی هەڵوەشانەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش کارەکەی کوزەر جێگای هەندێ پرسیاری گرنگ و هەندێ کێشەی دیکە کە جێگای قسە لەسەرکردنە:

١- هەرچەندە کە کوزەر هەوڵیداوە کە قەرەبووی بینیی یەکلایی بکاتەوە بۆ رەوتی بونیادی فەرمانگەرایی، بۆیە دەکرێ بەوە تاوانباربکرێت کە تووشی هەمان هەڵە بووە کاتێک پێی وایە ململانێ دەبێتە هۆی ئەرکی گونجاندن و تەواوبوون.

٢- ئەم تیۆرە بەنزیکتر بونیادی فەرمانگەرایی لە تیۆری ململانێ دادەنرێت.

لەگەڵ بوونی ئەو رەخنانەش، بەڵام بەشداری کوزەر لە لێکۆڵینەوەی ململانێ بەبەشدارییەکی گەورە و تەواو دادەنرێت بۆ کارەکانی رایت و میلز و دارندۆراف.

- رالف دارندۆراف (Ralf Dahrendorf) تیۆریسازێکی ئەڵمانی هاوچەرخی، (تیۆری ململانێیە) لە ساڵی ١٩٢٩ لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، وانەی لە زانکۆی هامبۆرگ خوێندووە، دووجار پلەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، یەکەمیان لە هەمان زانکۆ لە ساڵی ١٩٥٢، دووەمیشیان لە زانکۆی لەندەن لە ساڵی ١٩٥٧. لە زانکۆی ئەڵمانی و بەریتانی وانەی وتووتەوە، هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوە لەبارەی شیکردنەوەی چینایەتی داوە، کاری لە قوتابخانەی ئابووری بەرز لە زانکۆی لەندەن کردووە لەماوەی (١٩٥٢-١٩٥٤)، هەروەها لە زانکۆی ستانفورد لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨ کاری کردووە. ناوی بە تیۆری ململانێ لکاوە لەگەڵ دەرچوونی چاپی یەکەمی کتێبە ئینگلیزییەکەی (چین و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای پیشەسازی) لەساڵی ١٩٥٩. ئەم کارانەی بووە هۆی ئەوەی پەیوەندیکردنی لەگەڵ دافید لوکوود وێندکس و سیمور لیبست دروستبکات.

**دەسەڵات خۆی هێزێکی شەرعییە، واتا هێزێکی دامەزراوە لەسەر بڕیاردەرکردنی گشتی**

دارندۆراف وەک ئەوانی پێشەخۆی بەپێویستی دەزانێت گفتوگۆ لەگەڵ مارکس بکرێت، هەروەها پێی وایە کە کارە زانستییەکەی جگە لە ئەنجامدانێک و لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لە تیۆری مارکسیزم هیچی دی نییە، چونکە دارندۆراف کاریگەری بۆچوونەکانی مارکسیزمی لەسەر بوو، ئەو پێی وایە کە ململانێیەکی چینایەتی لە دامەزراوی پیشەسازی هەیە، بەڵام پاڵپشتی لە بیروبۆچوونەکانی مارکس ناکات کە دەڵێت ململانێ لەنێوان چینی

خاوەندارییەتی بۆ هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی نێوان کرێکاران و بوونی دابڕان لەنێوان ئیدارەو خاوەندارییەتی لە هەموو دامەزراوە پیشەسازییە گەورەکان دەگەڕێتەوە.

ململانێ هەروەک دارندۆراف دەیبینێت لەنێوان کرێکار و خاوەنی کار نییە کە مارکس ئاماژەی پێکردووە، بەڵکو لەنێوان چینی تەکنۆکراتی و چینی سوودبەخش و فەرمانبەری بچووک لە دامەزراوی حکوومی بەتایبەتی دامەزراوی ئیدارییە.

بەسوودوەرگرتن لە تیۆری (قەهر) دارندۆراف هەوڵی دارشتنەوەی تیۆرێکی گشتی لە ململانێی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی داوە، ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بە هێز و پێداویستی و توندوتیژی بۆ پاڵپشتی یاسای کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی گوێڕایەڵی و بەقسەکردن هەیە.

دارندۆراف کۆمەڵگا بە کۆمەڵێک (کۆمەڵە)ی گونجاوی قەهری دەبینێت، لەهەمان کاتدا کێشمەکێشی لەنێوان روودەدات، ئەم کۆمەڵانە لەسەر بەرژەوەندی بنەڕەتی و باری کۆمەڵایەتی ژینگەیی داینامیەتێکی بەردەوامە. گرنگترین سەرچاوەی ململانێی کۆمەڵایەتی لێرەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش بەناچارکردن یان بەقەهر، یان زۆر لێکردن، بۆ ئەوەی رێکخستنەکان بەیەکەوە ببەستێت کە کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکات. بوونی دەسەڵات یان هێز بە مەرجەکانی ململانێ دادەنێت.

چەمکی (نەسەقی پەیوەندی قەهر) (Imperativeco-ordinate Cxation) لە ڤیبەر وەرگیراوە، دارندۆراف وەکو هێمایەک لەسەر نەسەقی ((دەسەڵات)) یان شێوازی هێز بەکاریدێنێت و جیاکاری لەنێوان دەسەڵات و هێز لەهەندێ رەوت گرنگە، هێزیش پشت بەقەهر دەبەستێت، بەڵام دەسەڵات خۆی هێزێکی شەرعییە، واتا هێزێکی دامەزراوە لەسەر بڕیاردەرکردنی گشتی. هەندێ لەوانەی کە راڤەی تیۆری کۆمەڵایەتییان کردووە، دارندۆراف هەوڵدەدات هەماهەنگی لەنێوان بۆچوونەکانی مارکس و ڤیبەر دروستبکات، وەک هەوڵدانێک بۆ لێکۆڵینەوەی ململانێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگای پیشەسازی هاوچەرخ.

لێرە لە تێڕامانی هێز و دەسەڵات جیاوازییەکی زۆر نییە لەنێوان دارندۆراف و بارسونز، لەبەرئەوەی هەردووکیان بەگرنگی دەزانن، لەگەڵ ئەوەی دارندۆراف بە(پێویستی وەزیفی) نازانێت کە بارسونز بەکاری دێنێت. کاتێک کە پێوەرەکان و بەهاکانی بێ سوود دەبن، هەردووکیان لەوەدا کۆکن کە ئەرکی هێز، پاراستنی یەکگرتوویی نەسەق و چەسپاندنی گوێڕایەڵییە، بەڵام لەوکاتەی کە هێز هەموو پێداویستییەکانی نەسەق دابین دەکات، بارسونز جەخت لەسەر لایەنی تەواوکاری دەکات.

دارندۆراف پێی وایە کە ئەرکی هێزیش دەگرێتەوە وەک سەرچاوەیەک بۆ لێکجیابوونەوە و لێک دابڕان، لەبەرئەوەی دژایەتییەک لەبەرژەوەندی و پێشهاتەکانی ئەم دەورانە دروست دەکات. کەواتە هێز و دەسەڵات دوو سەرچاوەی دەگمەنن، ئەوانەی کە هەیانبێت، بەرژەوەندییان لەوەدایە کە بارەکە وەک خۆی بهێڵنەوە. ئەو کەسانەی کە لێی بێ بەشکراون، لە دووبارە دابەشکردنەوەیدا سوودبەخش دەبن، واتە بەرژەوەندی ئەوان لە گۆڕینی ئەم بارەدایە کە هەیە. بەڕای ئەو، ئەم بەرژەوەندییانە بەرژەوەندی بابەتین، لەناخی بونیادی رۆڵەکان خۆی هەیە، لەپاڵ بەرژەوەندی یان ئەوەی هەموو رۆڵەکان ئەنجام دەدات، بۆ پارێزگاریکردن و رێکخستنیان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیهانی کۆمەڵناسی لەسەر گرووپی ململانێی شاراوە یان نیمچە کۆمەڵە (quasi Group) دامەزراوە وەک دارندۆراف ناوی دەنێت.

- **بەپێویستم نەزانی سەرچاوەکان بنووسمەوە.**